تیمەکی ڕۆژنامەنووسی لەکاتی ڕووماڵکردنی لەشکرکێشی تورکیا لەسنووری ئامێدی دەستگیرکراون

نیوەڕۆی ئەمڕۆ یەکشەممە 14ـی تەممووزی 2024، ڕۆژنامەنووس نزیار مەحمەد و فۆتۆگراف بەهەز ئاکرێیی کارمەندانی کەناڵی 8 لەکاتی ڕووماڵکردنی لەشکرکێشی سوپای تورکیا لە سنووری ئامێدی لەلایەن ئاسایشی ئامێدی دەستگیرکراون.

پێشتر لە ڕۆژی چوارشەممەی هەفتەی ڕابردوو، ئاسایشی ئامێدی تیمەکی ڕۆژنامەنووسی سەر بە کەناڵی (زووم تی ڤی) لە قەزای ئامێدی دەستگیرکرد کە پێکهاتبوون لە پێیامنێر و کامەرامان و شۆفێر بەهۆی ڕووماڵکردنی لەشکرکێشی سوپای تورکیا لێم ناوچەیدا و کەناڵی زووم ڕایگەیاند، بەهۆی ڕووماڵکردنی ئێپراسیۆنەکانی تورکیا ئاسایشی دهۆک تیمەکی زوومی لە قەزای ئامێدی دەستگیرکرد.